# بێویژدانی بەناوی ئینسانیەت: وڵامێک بۆ "حیواری موتەمەدن"

**نووسینی: ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی**

پەندێکی عەرەبی هەیە ئەڵێ "اذا ما تستحي فافعل ما شئت"، کە بە کوردییەکەی مانای ئەوە ئەدا: "ئەگەر حەیات نەبوو هەرچی ئەکەی بیکە". ماوەیەکە کۆمەڵێک کەسی شۆڤینیستو بەچکە شۆفینیستو هەڵخەڵەتاو دۆڕاو و داخ لە دڵو دژ بە هەرچی شتێکی کوردو کوردستانییە، کەوتوونە گیانی مافەکانی نەتەوەی کورد لە کەرکووکو دژایەتی کردنی جێبەجێکردنی ماددەی 140 ی دەستووری ئێراقو لابردنی سیاسەتی دژی ئینسانی تەعریبو گێرانەوەی تەعریبچیەکانی کەرکووک، ئەو تەعریبچیانەی کە بەشداری یاخود ڕێگەخۆشکەری ئەنفالکردنیماڵو سامانو گیانی منداڵانو گەنجانو ژنانو پیرانو کوڕانو پیاوانی کوردیان کردو بە شانازییەوە لە کەرکووک ئیهانەیان بە کوردو کوردستانو قوربانیانی کوردو شەهیدە سەربەرزەکەنمان دەکرد، شانازییان بە تەعریبی خاکی پیرۆزی کوردستان دەکرد، شانازییان بە کاولکردنو تەختکردنی گووندو شارەکانی کەرکووکی دڵی کوردستان دەکرد، شانازییان بە وەدەرنانو ئاوارەپێکردنی کوردە کەرکووکیە سەربەرزەکانمان دەکرد، با بیرمان نەچی هەرهەمان ئەوکەسانەو هاوڕەوتەکانو هاوقوماشەکانیان، کە لافی ئینساندۆستیو رزگاریخوازی لیدەدەنو سیکۆلاریزمو مەدەنییەتو مافی هاووڵاتی بە کورد دەفرشن، بێدەنگنو لەهەندێک حالەتدا دەستخۆشییش دەکەن، بەرامبەر بەو تاوانانەی کە چوار ساڵە، دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی عەرەبی، دژ بە کوردی شاری موسل (کە خاکی کورستانە) و کەرکووکو خانەقینو شەنگالو مەندەلیو زەرباتییەو ...هتد دەکەن. خۆ لەکەس شاراوە نییە کە زیاتر لە هەفتا هەزار کەس، لە ماوەی چوارساڵی ڕابردوو کە تا ئیشتاش بەردەوامە، لە کوردی مووسڵ کوژراوە یان وەدەرنراوەو ئاوارەپێکراوە بۆ شارەکانیتری کوردستان ( بۆ زانینتان ئەم شۆفینیستو بەچکە شۆفینستە "ئینساندۆستانە"و لە پالیشیان چەند ڕەوتێکی سیاسی کوردە دۆڕاوو هەڵخەڵەتاوەکان، لە کاتێکدا چوار ساڵە کورد لە مووسل لەسەر کووردبوونی دەکوژرێو وەردەردەنرێو سەروماڵی داگیردەکرێ لەلایەن هێزو ڕەوتە عەرەبە شۆفینیستەکان بەڵام تەنانەت یەکجاریش ئەم بەچکە شۆڤێنیستانەو هاوڕەوتە کوردە هەڵخەلەتاو دۆڕاوەکانیان مەحکومی ئەم کارەیان نەکردووەو بەڵکو لە بەرامبەر ئەمەدا هەمیشە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیان، کە مافخوراوەو داوای مافی خۆی دەکا، تاوانبارکردووە بە هەڵگیرساندنی شەری قەومی). چوار ساڵە هەرهەمان کەسەکان یاخود هاوڕەنگەکانیان بە یارمەتیو یاخود، بەلایەنی کەمییەوە، بە بێدەنگەلێکردنی چەند کوردێکی خۆبەچەپزانی دۆڕاو و سەرلێشێواو و هەڵخەڵەتاو دەیانەوێ بەناوی ئینسانیەت ژەهر دەرخواردی نەتەوەی کورد بدەنو ملکەچیو پاشکۆیەتی هەتاهەتایی بەسەر کورد بسەپێننو سیاسەتی تەعریب، کە گیانو سەروماڵی سەددان هەزار کوردی خەڵکی کەرکووکی سەربەرزو دڵی کوردستانو نەتەوەی کوردی مافخوراو هەڵلوشی، بهێڵنەوە.

خوێنەری خۆشەویست، من لەم نووسینەمدا هەوڵدەدەم لە چەند بەش ئەو بنەما فەلسەفیو ئایدۆلۆژیو سیاسیانەی لە خزمەت بەرژەوەندی قەومی شۆفینیستی ئەو ڕۆشنبیرو ڕەوتو لایانەی کە ئەمڕۆ خۆیان لێکردووین بە ئینساندۆست، ڕۆشن بکەمەوە. هەوڵدەدەم پیشانی خوێنەری

خۆشەویستم بدەم کە ئەم شۆڤێنیستو بەچکە شۆڤێنیستانە لە کوێ سەرچاوە دەگرنو چۆنە توانیویانە چەند کوردێکی دۆڕاویش لە خشتەببەنو بیانکەنە سەرەڕمی ژەهراوی دژ بە مافو ئازادی نەتەوەی خۆیان؟ چۆنە توانیویانە چەند کوردێک والێبکەن کە رۆژ تا ئێوارە دژ بە کولتوورو سیمبۆلە نەتەوەییەکانیان بوەستنەوە؟ چۆنە توانیویانە چەند کوردێک والێبکەن کە دژ بە گێرانەوەی مافی قوربانیانی سیاسەتی تەعریب لە کەرکووک، بوەستنەوە؟ چۆنە توانیویانە کە جورئەت بکەن بە ناوی ئینسانیەت دژ بە گێڕانەوەی ماف بۆ ئینسانە زوڵملێکراوەکانی کەرکووک بوەستنەوە؟ چۆنە توانیویانە چەند کوردێک والێبکەن کە شانازی بەژێردەستەیی‌و سەرشۆری خۆیان بکەنو لەوەش خراپتر بیانکە نموونەی تەحقیری فەرهەنگو کولتوورو بوونی نەتەوەی کورد؟

سەرەتا هەوڵدەدەم ئەو خاڵانە بخەمە ڕوو کە وایکردووە ئەم کەمپینیە دژی بەشەرییەی "حیواری موتەمەدن" وڵامێکی توندو ڕۆشنو یەکگرتوو بخوازێ:

**یەکەم**: لە لایەک ماڵپەڕی "حیواری موتەمەدن" بە ناوی ئینسانیەت دەیەوێ بێویژدانی‌و نائینسانیەتو پاشکۆیەتی‌و زوڵمو ستەم، کە سیاسەتی تەعریب یەکێ لە کۆڵەکە بنچینەکانیەتی، بەسەر نەتەوەی کورد بسەپێنێتو لە ڕێگای شیعاری لۆکسو قەبەوە، کە ڕاستییەکەی ناوەخنی شیعارەکان شۆڤینیزم و ئینکارکردنی بوونی نەتەوەو خاکو جوگرافیای کوردستانیان لێدەبارێ، کورد هەڵخەڵەتێنن، وە لە لایەکی‌تر جەلادەکانی دوێنێ‌و ئەمڕۆ بە قوربانی‌و مافخوراو پیشانبدەنو قوربانییەکانی دوێنێ‌و ئەمڕۆی کەرکووکو ناوچە تەعریبکراوەکانیش بە جەللادو داگیرکەر پیشانبدەن.

**دووەم**: کەمپینەکەو بەیاننانامەکە توانیویانە بەشێک لە نووسەرانو خەڵکی کورد هەڵخەڵەتێنن، بەجۆرێک دژی چارەسەری یەکجارەکی سیاسەتی تەعریبو گێرانەوەی ماف بۆ ئینسانە زوڵملێکراوەکانی کەرکووکو دیاریکردنی سنووری جوگرافیای کوردستان ئاراستەیان بکەن. هەربۆیە من بە ئەرکی ئیلیتی ڕۆشنبیری کوردی‌و کوردستانی دەزانم کە هۆکارو زەمینەکانی ئەو خۆشباوەڕییەی کە لە نێو بەشێک لە نووسەرو ڕۆشنبیرانی کورد، بە تەقلیدکردنەوەو ووتنەوەی بەبەغا ئاسایانەی شیعارو قسە قەبەو لۆکسەکان، هەیە، ڕۆشنبکەنەوە.

**سێیەم**: تایتلی بەیاننامەکە باس لە ڕێگاچارەی شارستانییانەو ئینسانی دەکا، هەرخودی ئەم مەسەلەیە ناڕۆشنی دروستکردووە، کە ئەمەش ڕەنگە بەشێکی زۆر لە خەڵکو لایەنە هیومانیستەکانی ئەوروپاو کوردستانو ئێراق هەڵخەڵەتێنێ، کە خودی ناڕۆشنیەکەش سەرچاوەی گرتووە لە تێکەڵاوکردنی مەسەلەی مافی هاووڵاتی‌و ئازادی نیشتەجێبوون لەگەڵ مەسەلەی تەعریبو گۆڕینی زۆرەملێیانەی ناسنامەی خاک.

باشترە کە باسەکەم بە ئەنالیزی بەیاننامەکەی کەمپینی ماڵپەڕی "حیواری موتەمەدن" دەستپێبکەمو ئامانجە ناپیرۆزو دژی بەشەرییەکانو مەبەستو بەرژەوەندییە قەومییە ڕەگەزپەرستو شۆڤینیستیەکانی بخەمە ڕوو. لێرەدا قسە لەسەر کەسەکان نییە (چونکە ڕەنگە، دەڵێم ڕەنگە، کەسانێک بەم کارە هەڵستابن کە لە بنچینەدا کورد بن یاخود کەسانێک بن، کە لە نائاگایی

خۆیانەوە، فکرێکیان هەڵگرتووە خزمەت بە شۆفینیزمی عەرەبی بکات) بەڵکو مەبەست ڕەخنەگرتنە لە فکرێک کە دەیەوێ لەژێر شیعاری ئینسانیەت، نائینسانیەت گەشەپێبداتو بیسەپێنێ، ڕەخنەگرتنە لە فکرێک کەبنەمای فەلسەفیو ئایدۆلۆژیو میژوویی لە کۆمەڵگای کوردستانو ئێراقدا هەیە.

هەوڵدەدەم بەیاننامەکە بە شێوەی خاڵ ڕۆشنو ئەنالیزە بکەم.

1– بەیاننامەکە لەژێر تایتلی (**حملة من اجل إنسانية مدينة كركوك وتقرير مصيرها بشكل حضاري**) بڵاوکراوەتەوە، کە بە کوردییەکەی واتە (**کەمپینێک لە پێناوی ئینسانیەتی شاری کەرکووکو دیاریکردنی چارەنووسی بە شێوەیەکی شارستانییانە**). وەک لە تایتلەکەدا دەردەکەوێ، قەرارە قسە لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی شارێک بکرێ کە ناوی کەرکووکە، بەس دیاریکردنی چارەنووس مانایەکی تایبەتی هەیە، واتە ئەگەر قەرارە باس لە دیاریکردنی چارەنووس بێت ئەوا دەبێ لایەنەکانیش کە ئەم مافە دیاریدەکەن دەبێ ڕۆشن بێت، وە مادام لێرە قسە لەسەر خاکێکو شارێکە بەناوی کەرکووک، دەبێ مانایەکی سیاسیو جوگرافیایشی هەبێ. دیاریکردنی چارەنووس بەبێ دیاریکریکردنی ناسنامەی شارەکە ئیمکانی نییە، بەبێ دیاریکردنی هۆیەکانی کە وایکردووە ئەم شارە پێویستی بە دیاریکردنی چارەنووس هەبێ، ئیمکانی نییە. پرسیارەکە ئەوەیە، چی وایکردووە ئەم شارە پێویستی بە دیاریکردنی چارەنووس هەبێ؟ وە لە حالەتی دیاریکردنی چارەنووسیش دەبی قسە لەسەر دیاریکردنی ناسنامەی سیاسیو جوگرافیایی بێت، واتە یان کوردستانیە یاخود کوردستانی نییە. سوڕانەوە لە چواجێوەی ئینسانیو غەیرە ئینسانیو شتو مەبدەئە گشتییەکان دەردی سەلماندنی کوردستانیبوونی شاری کەرکووک تیمار ناکا بەڵکو لە بنچینەدا بە قازانج سیاسەتی تەعریب دەشکێتەوە. خوێنەری خۆشەویست لە درێژەی نووسینەکەم ڕۆشنی دەکەمەوە کە ئەوانە چۆن دەڕواننە مەسەلەی دیاریکردنی چارەنووس،وە ئایا ئەوانە لە بنچینەدا باوەڕیان بە دیاریکردنو هۆیەکانی کە ئەم مافی چارەنووسەی زەڕوور کردووە، هەیە یان نا؟

2– بەیاننامەکە بە تەئکیدکردنەوە لەسەر پێویستی بوونی دەستوور لەهەر وڵاتێک دەست پێدەکاتو دەڵێت: (**الدستور قانون اساسي للدولة يمكن ان يشيع الاستقرار والسلام في اي مجتمع ولكنه يمكن ان يكون مصدرا للعنف واللاستقرار في حال وجود مواد غير عادلة فيه. من هنا تأتي اهمية تغيير المواد الباطلة وغير الديمقراطية منه. تشكل بعض مواد الدستور العراقي الحالي نموذجا سيئا للتجاوز على حقوق الانسان الاساسية**)، بە کوردییەکەی واتە: (**دەستوور یاسای بنچینەیی دەوڵەتە، دەکرێ ئاسایشو ئاشتی لە هەر کۆمەڵگایەک گەشەپێبداتو بڵاوبکاتەوە، وەلی لەهەمان کاتدا، لە حالەتی بوونی ماددەی نادادپەروەرانە تیایدا، دەکرێ ببێتە سەرچاوەی نائاسایشو توندوتیژی. لێرەدایە کە دەبێ هەندێک لە مادده نادیموکراتو ناڕاستەکانی بگۆڕدرێن. هەندێک لە ماددەکانی دەستووری ئێستای ئێراق نموونەیەکی خراپن لە دەستدرێژی کردنە سەر مافە بنچینەیەکانی مرۆڤ**)، بەیاننامەکە لە درێژەی خۆیدا باس لە هەندێ نموونە لەو دەستدرێژیانە دەکا، لەوانە، بەیاننامەکە باس لە سەپاندنی ئیمتیازاتی قەومیو مەزهەبیو ئایینیو هەندێک لە بڕگەکانی ماددەی 140 دەستووری ئێراق، دەکات. کەواتە ئەوانە قەرارە باوەڕیان بە بوونی دەستوور هەبێو وەک خۆیان دەڵێن فاکتۆری بەرقەرارکردنی ئاشتیو ئاسایشە لەهەروڵاتێکدا، خۆ باوەڕبوون بە بوونو پێویستی دەستوور، ڕەخنەلێگرتنیشی، شتێکی زۆر باشو پۆزەتیڤە، دەی باشە ئەگەر وایە کێشەکە لەچیدایە؟ سەرەتا با پرسیارێکیان

ئاراستە بکەین، ئەرێ ئێوە کە باس لە زەرووورەتی گۆڕینی هەندێ ماددەی دەستووری ئێراق دەکەن، ئایا لە بنچینەدا ئێوە باوەڕتان، یاخود بەلایەنی کەمەوە هاوسۆزیتان، بۆ سەرکەوتنی ئەو پرۆسە سیاسییەی کە ئێستا لە ئێراق بەڕێوەیە، کە دەستووری ئێراقیش کە ئێوە دەتانەوێ ماددەکانی بگۆڕن خۆی لە خۆیدا بەشێکە لە ئاکامەکانی ئەم پرۆسەیە، هەیە؟ نەخێر، پێموایە ئەوانە لە بنچینەدا باوەڕیان بە پرۆسەی ڕزگاری ئێراق نییە، بە مانایەکیتر باوەڕیان بەو پرۆسە سیاسییەی کە دەستووری ئێراقی بەرهەم هێناوە، نییە. خۆ شاراوە نییە کە ئەوانە بیستوچوار سەعات لە ماڵپەڕو میدیاکانیاندا دەهۆڵی دژایەتی ئەو پرۆسە سیاسییە لێدەدەن کە دەستووری ئێراقی بەرهەم هێناوەو رزگارکردنی ئێراقیش بە داگیرکاری لەقەلەم دەدەنو بوونی ئەمریکاش لە ناوچەکە بە ئیمپریالیزم دەناسێنن. با پرسیارێکیتریان لێبکەین، ئایا خودی داواکردنی گۆڕینی هەندیک لە برگەکانی دەستوور، کە ئێوە ئێستا دەیکەن، بەلایەنی کەمەوە، مانای شەرعیەدان لەلایەن ئێوەوە بە بەشێکی دەستوورو لەوێشەوە بۆ بەشیکی خودی ئەو پرۆسە سیاسییەی، کە دەستووری بەرهەم هێناوەو ئێوە بە سیناریۆی ڕەشو داگیرکاری دەیناسێنن، نییە؟ گومانم نییە کە داڕێژەرانی، دەڵێم داڕێژەران، ئەم بەیاننامەیە بەبێ دوودڵی وڵامی ئەو پرسیارە بە نەخێر دەدەنەوەو تەئکید دەکەنەوە کە پرۆسەی سیاسی ئێستای ئێراق پرۆسەیەکی دژی ئینسانیو سیناریۆیەکی ڕەشەو داگیرکاری ئیمپریالیزمی لەگەڵ خۆی هێناوەو دێنێو پەرۆشی خۆشیان بۆ دابەشبوونی ئێراق دووپاتدەکەنەوە. بەس ئەوانە لەبیرخۆیان دەبەنەوە کە خودی باسکردن لە گۆڕینی هەندێ ماددەی دەستوور، نەک هەموو دەستوورەکە، بیانەوی یان نا، مانای شەرعیەتدانە بە هەندێ لایەنی خودی دەستووری ئێراقو لەوێشەوە بە هەندێ لایەنی پرۆسە سیاسییەکەی ئێستای ئێراق. بۆیە گرنگە کە گشت کەسێکی کوردو کوردستانی بزانێ کە بۆچی ئەوانە لە کاتێکدا هیچ باوەڕیان بە خودی پرۆسە سیاسییەکەی ئێستای ئێراق نییە بەڵام ئامادەن ئەم لایەنە لە بیروباوەڕو هەڵوێستەکانیان وەلابنێنو بێن تەعامول، لەگەڵ دەستووری ئێراق، بکەنو کەمپین دژی ئەو ماددەیەش بەرێبخەن کە ماف بۆ قوربانییەکانو ناسنامەی کوردستانیبوونی خاکی کەرکووکیش دەگەڕێنێتەوە؟ خوێنەری خۆشەویست سەرت لەو هەڵوێستە پەڕەدۆکسەی ئەم شۆڤێنیستە "ئینساندۆستانە" نەسوڕمێ، ئەزانی بۆ؟ چونکە ئەوانە تێگەیشتن کە  کورد خەریکە بە هەڵوێستە ئینساندۆستیو نەرمونیانو دروستەکانی لە بەرامبەر عەرەبی تەعریبچیو خەڵکی عەرەبی ڕەسەنی کەرکووکو گشت پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکووک لە راستای چارەسەری یەکجارەکی مەسەلەی کەرکووکو لە جێبەجێکردنی ماددەی 140 دەستووری ئێراق نزیک بۆتەوەو هەستیانکردووە کە ئەوان لەدەرەوەی پرۆسەکە ناتوانن لە کورت ماوەدا شکست بە دەستوور بێنن، بۆیە گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە ئەگەر نەشتوانن هەموو پرۆسە سیاسییەکە، کە دەستووری ئێراقی بەرهەم هێناوە، شکست پێبێنن، ئەوا بەلایەنی کەمەوە، بەهۆی بیروباوەڕی شۆفینیستیانو ڕقو قینیان لە مافەکانی کورد، ئەو ماددانەی دەستووری ئێراق، کە بەرهەمی خوێنی سەددان هەزار شەهیدی سەربەرزی کوردستانو ئەنفالو بەرگری نەتەوەی کوردن، کە باس لە جوگرافیای کوردستان دەکەن، شکست پێبێنن. ئەو شۆڤینیستانە دەزانن کە ئێراق ئێستا هەرکێ حوکمی بکات کێشە نییە چونکە چانسی ئەوەیان هەردەمێنێ کە لە داهاتوو بەشێک لە دەسەڵات وەربگرن بەڵام ئەوان دەزانن کە ئەگەر جوگرافیای کوردستان دیاریکرا زۆر سەختە جارێکیتر بەناوی برایەتیو ئینساندۆستیو ئینتەناسیونالیزم بتوانن بیخەنەوە ژێر رکێفی داگیرکەرانەی خۆیان. هەربۆیە بۆ ڕێگرتن لە دیاریکردنی سنووری

جوگرافیای کوردستان ئامادەن، هەروەک کاری هەمیشەییان، دەستیان تێکەڵ بکەن تەنانەت لەگەڵ ئەو ڕەوتو لایانانەش کە زۆر ڕەگەزپەرستو کۆنەپەرستنو دوورن لە ڕووی ئایدۆلۆژیش لە خۆیانەوە. خوێنەری خۆشەویست، لێرەدایە کە بۆ ئەوانە کوشتنو دەرکردنی کورد لە شاری موسلو ناوچەکانیتر جێگەی گرنگیدان نییە. ئەوان پێیانوایە کە ئەو کوردانەی کە لە شاری موسڵ دەکوژرێنو دەردەکرێن، یان ناسیونالیستی ڕەگەزپەرستنو هاتوون شەڕی قەومی لە موسڵ بەرپابکەنو یەکپارچەیی "ئێراقی واحید" یان بخەنە مەترسییەوە یاخود بە قوربانی سیاسەتەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە قەلەمیان دەدەن، بەمەش لە هەردوو حالەتەکەدا هەر کورد تاوانبارەو هەرچی بزووتنەوەی شۆفینیستیو ڕەگەزپەرستی داگیرکەری ئەو ناوچانە ئۆتەماتیکی بێتاوان دەردەچن، یاخود وا پیشاندەدەن کە لە بنچینەدا بوونێک لە بزووتنەوە شۆفێنیستو کۆنەپەرستەکان نییەو ئەوەی هەیەو نییە تەنها ناسیونالیزمی کوردە کە شەر بە خەڵکی غەیرەکوردی ئەو ناوچانە دەفرۆشی.

– درێژەی هەیە –